**دەنگەکان** : ئەنفال لەپاش ئەو هەموو زنجیرە دادگایانەی سەرانی ڕژێمی بەعس، ئێستا لەکوێی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و دونیادا جێگیربووە. ئایا وەک کردەیەکی جینۆساید ناسراوە یان هەر وەک کێشەیەکی لۆکاڵی سەیردەکرێ و پەیوەست دەکرێ بەتاوانێکی دژە مرۆڤایەتی لەلایەن سەرانی ڕژێمی بەعسییەوە؟ ئاخۆ ئاکامی ئەو دادگاییکردنە چ واتایەکی بۆ ئایندەی کورد دەبێ؟

**دارا مەحمود:**



بەداخەوە بارودۆخی نالەباری عێراق ، کەوەک پرمەترسیترین وڵاتی جیهان دەناسرێت، و کێشەو گرفتە ئاڵۆزەکانی وایکردووە، دۆزی ئەنفال و دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی بەعس کەمڕەنگ بێتەوەو بچێتە ڕیزی خوارەوەی کێشەو ڕووداوەکان. و لەمەش بەولاوەتر زۆر بەڕوونی دیارە کە ئەنفال و بەدواداچوونی، خەمی دەوڵەتی مەرکەزی عیراق و لایەنە غەیرە کوردییەکان نییە. و تەواوی چارەسەرییەکە لە چوارچێوەی دادگادا دەبینن. لەحاڵێکدا پرسەکە بەوجۆرە نییە. کە تاوانێک کراوە، تاوانباران سزادراون، یان دەدرێن و تەواو!

بێ ئەوەی بمانەوێ لەڕۆڵی گرنگی دادگا کەمکەینەوە، دەبینین، زۆر لایەن، بەزانابوون یان لەڕووی نەزانییەوە پرسەکە بەرەو ئاقارێک دەبەن کەچارەسەری کۆتایی لەسزادانی چەند تاوانبارێکدا خڕبکەنەوە. و ئیتر پاشان، هەرکاتێک کورد ویستی باسی ئەو ڕوداوە بکاتەوە، بڵێن: چیتان دەوێ؟ مەگەر ئەوە نییە تاوانباران لەداردران..!؟

ئەگەر دۆزەکە بچێتە سەر ئەو ڕێچکەیە، کەپێدەچێ هەرواش بێت. بەواتای هەوڵدان بۆ بچووککردنەوەو سەرئەنجامیش لەبیربردنەوەیەتی.

بۆیە گەرچی نکوڵی لەڕۆڵی دادگا ناکرێ، بەڵام سزادان و بەداردکردن نەک هەرچارەسەریی نییە بەڵکو دەتوانێ ئاکامی پێچەوانەشی هەبێت.

بەرلە بەداردکردنی سەدام، پرۆسەی دادگاییکردنەکە پتر گرنگی پێدەدراو گوێی لێ ڕادەگیراو شرۆڤەو هەڵسەنگانی لەسەردەکرا. و ئێستاش بەرەو ئەوە دەچێت هەرچی زووتر عەلی کیمیاوی و ئەوانی تر سزای مەرگ بیانگرێتەوەو ئەنفالیش بەردێکی لەسەر دابنرێت. ئەو تاوانانەش کە لەئاکامدا دادگا دەیداتە پاڵ تاوانباران هەرچییەک بێت، توانای ئەوەی نابێت لەکێشییەکی لۆکاڵی بەولاوە هیچ ڕەهەندێکی تری پێ ببەخشێت. مەگەر ئەوەی پێشدەستی و چالاکییەکانی ئێمە بەرەو ئەو ڕەهەندە خوازراوەی ببات، کەئەمەش جێگای پرسیارو گومانە.

بەڵام لەجێگای خۆیدایەتی مرۆڤ بپرسێت، ئەم هەموو دادو هاوارە لەئاکامدا بۆچی..؟ بۆچی پێویستە ئەنفال وەک تاوانێکی پاکتاوی نەژادی و دژەمرۆڤایەتی، لەسەرئاستی جیهان بناسرێت..؟ و لەئاکامدا چی بەکورد دەگات؟

سەرەتا دەبێ بڵێم، من لەوبڕوایەدا نیم لەهەرحاڵێکدا هیچ دەستکەوت و سوودێکی ڕاستەوڕاست بە کورد بگات. بەڵام ئێمەش نابێ هێندە بەرچاوتەنگ بین و باشترە کێشەکە لەبازنەیەکی گەورەتردا ببینین.

ئەگەر دۆزی ئەنفال مافی خۆی بدرێتێ و بەڕێگای سروشتی و یاسایی خۆیدا بڕوات، لەسەر چەند ئاست سوودمەندە. یەکەم دەستکەوتێکی ئەخلاقییە بۆتەواوی مرۆڤایەتی. لەمەش بەولاوە دەچێتە خانەی پەندو ئەزموونەوە.. بەو واتایەی کە لە ئایندەدا هەر ملهوڕێک نەتوانێ وا بە ئاسانی پەنا بۆ ئەنجامدانی

ئەمجۆرە تاوانانە بباتەوەو ئەگەر کردیشی زوو لێی لەهەڵا بدرێت و ڕێگای درێژەپێدانی کارەکەی لێ بگیرێت.

لە دوای ئەنفال و لە ماوەی کەمتر لە دوو دەهەدا چەندان تاوانی کۆمەڵکوژی و پاکتاوی نەژادی لەجیهاندا ڕوویاندا: ڕواندا، بۆسنەوهەرزەگۆڤینا.. و پاشانیش دارفور. بەڵام هیچیان نەبوونە پەند بۆ ئەوی تریان، چونکە سیاسەتی جیهانی بەشێوازێکی نائەخلاقیانە پەیڕەودەکرێت. و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان دەبنە پەردەپۆشی تاوان و کۆمەڵکوژییەکان. تەنانەت ئەگەر سەدام بەداگیرکردنی کوێت و ڕەفتارەکانی تری ئەو گەوجایەتییەی نەکردایە بەلانی زۆرەوە هێشتا بەوپەڕی هێزەوە لەسەر دەسەڵات دەبوو، و ئێمەش دەبووایە بەخەمی ئەنفال و هەڵەبجەوە بتلێینەوەو ڕەنگە ڕووداوی تری لەم جۆرانەشی بەدوادا هاتبایەو ئێمەش هەرئەوەندەمان پێدەکرا بیانکەینە بابەتی شیعرو گۆرانی و لاوک و حەیرانمان.

ناساندنی کێشەکە لەسەر ئاستی جیهان هەنگاوێکە لەڕێگای کۆتاییهێنان بەم بێدادییە.

ئەرکی مرۆڤایەتیی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دامودەزگاکانی خاوەن بڕیارە ئەو میکانیزمانە ببیننەوە کەئیتر لەجیهاندا کۆتایی بەوجۆرە تاوانانە بێت. بۆئەمەش پێویستە بەرلەهەرشت ئەو کێشە مرۆییانە پەیوەستەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانییەوە نەبن.

پاشانیش دەتوانێ لەسەر ئاستی درێژخایەن بۆ کورد سوودمەند بێت. چونکە ئەگەر ئەنفال وەک خۆی چۆنە ئاوا بگاتە گوێچکەی جیهان، بێگومان دەتوانێ لەبزواندنی سۆزی گەلاندا سەبارەت بەکورد ڕۆڵ بگێڕێت و لەهەر ئایندەیەکی پێشبینی نەکراودا سوود لەدەنگ و پشتیوانیان وەربگیرێت.

**– ڕۆژنامەگەریی کوردی لەپاش ڕاپەڕینەوە تا ئێستا لەدەرەوەی مەوعیزەو گوتارە سیاسییەکان خاوەنی چ پرۆژەیەک بوونە سەبارەت بە ئەنفال، هاوکاتیش ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکرێ خاوەنی چ پرۆژەو ئاسۆیەک بێت لەوبارەوە؟**

ڕۆژنامەگەریی کوردی خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی دیاریکراو نەبووەو پێشموانییە ئەرکی ڕۆژنامەگەریی بێت وەها پرۆژەیەک بهێنێتە ئاراوە. چونکە چەمکی پرۆژە بەواتای چوارچێوەیەکی تۆکمەو تەواو کەهەموو وردەکارییەکان لەخۆی بگرێت. کەئەمە نەلەتوانای ڕۆژنامەگەریدایەو نەئەو میکانیزمانەشی لەبەردەستدایە بۆ ئەنجامدانی.

بێگومان ڕۆڵی ڕاگەیاندن یەکجار گرنگە. و نکوڵی لەو گرنگییەی ناکرێت. ڕۆژنامەگەریی یان بەگشتی ڕاگەیاندن دەتوانێ ببێتە بەشێکی چالاک لەهەر پرۆژەیەکدا. بەڵام ئەوەی خۆی ببێتە خاوەنی بۆمن جێگای گومانە؟

ئەرکی ئێمە لەبەرانبەر ئەنفالدا لەدوو ئاستدا خۆی دەبینێتەوە: ناوەوەو دەرەوە.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئێمە ساڵانە یادی ئەو کارەساتە دەکەینەوە. دەیان و سەدان کۆڕو سیمینار، باس و دیراسەو کتێب، بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی، چالاکی جۆربەجۆری هونەریی... ئەنجامدراون و دەدرێن. و زۆربەی بابەتەکان دووبارەدەبنەوەو زۆرکەم شتێکی نوێ دەخەینە سەر باسەکە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئەم کارە هەر بەردەوام بێت. ئەمەش بۆ ئەوەی کێشەی ئەنفال پەیوەستەی تەنیا یەک نەفش نەبێت، بەڵکو تەواوی ئەو نەفشانەی دوای ئێمەش دێن.

ئەو ئەرمەنیانەی قەتلوعامیان بەچاوی خۆیان دیت و لەگەڵیدا ژیان ئەمڕۆ هیچکامیان نەماون. بەڵام کێشەکە هەروا بەگەرموگوڕی خۆیەتی و لەهەربۆنەیەکی گەورەو بچوکدا بەبیر تورکیای دەهێننەوە کەدەبێ دان بەتاوانەکەدا بنێت. هەروا هیچکام لەو تورکانەش کە ئەمڕۆ لەژیاندان ئەنجامدەری تاوانەکە

نین، بەڵام بەرپرسیارییەکی ئەخلاقی دەکەوێتە سەر شانیان کەلەجیاتی باپیرانیان داوای لێبووردن بکەن.

لێرەوەیە کە ئاستی دووەم (دەرەوە) دێتە ئاراوە. بەو واتایەی کێشەکە ڕەهەندێکی نێونەتەوەیی وەربگرێت. ئەمەش پتر کارێکی سیاسی دیپلۆماتیکییە تا ڕاگەیاندن.

ڕاگەیاندن دەتوانێ کۆڕوسیمینار، دۆسیەو بەدواداچوون، لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، شیعروچیرۆک، درامای تەلەفزیۆنی، فیلمی سینەمایی، سرودوگۆرانی، شێوەکاری... هتد بەرهەم بهێنێت، یان لە میانییەوە خۆدەربخەن. بەڵام لەئاکامدا کاریگەریی گشت ئەمانە (جگە لەسینەما) هەرلەسەر خۆمان دەبێت نەک جیهان.

پرسیار ئەمەیە، چۆن ئەم بەرهەمانە و کاریگەرییەکانیان بگەیەنینە گوێچکەی جیهان..؟ چۆن کێشەی ئەنفال و ناساندنی وەک جینۆساید بگەیەنینە نێوەندەکانی خاوەن بڕیار و لەپێش هەمووشیانەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان..؟

لێرەدایە کەگرنگی ئەوەی نەتەوەیەک خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت بەدیاردەکەوێت. ئێمەی بێ دەوڵەت و خاوەنی زمانێکی بێ کاریگەر.. توانای ڕاپەڕاندنی وەها ئەرکێکمان یەکجار سنووردارە.

بۆیەش پرسی زمانم هێنایە ئاراوە، چونکە کاتێک باس لەڕۆژنامەگەریی دەکەین ڕۆڵی زمان زێدە گرنگە. بەو واتایەی ئەو زمانە هی چ نەتەوەیەکە؟ لەسەر ئاستی جیهان چ کاریگەرییەکی هەیە؟ ئەو نەتەوەیە خاوەنی چ قەوارەیەکی سیاسییەو لەجیهاندا خاوەنی چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکەو چی پێ دەکرێت؟

ئەگەر لەتەواوی جیهاندا کەسێکی بێگانە یان نێوەندێک هەبێت و بگەڕێت بزانێ ڕۆژنامەگەریی کوردی چی بەرهەم دەهێنێت، ئەوە یان زۆردەگمەنە، یانیش وەک کارێکی موخابەراتی ئەنجام دەدرێت. تەنانەت ئەگەر ئێمەی کورد چالاکیەکانمان بەزمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسیش.. بەرهەم بهێنین هەرکوردین. ڕۆژنامەنووسی سەربەدەوڵەتێکی بێ دەوڵەت و بێ کاریگەریین.

بۆیە پێموانییە کارێکی گەورە کەلەئاستی ڕووداوەکەدا بێت وابەپەلە لەتواناداا بێت. بەڵام ئەرکی ئێمەیە نەهێڵین کێشەکە لەگەرمی بکەوێت. جیهان گۆڕانی بەسەردا دێت. و کوردیش زوو یان درەنگ دەبێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی. ئەرکی ئێمە داڕشتنی بناغەی کارەکەو ئەرکی نەفشەکانی داهاتووش تەواوکردنییەتی.

بەڵام گرفتی ڕۆژنامەگەریی کوردی تەنیا مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا نییە. بەڵکو ئەوەیە کەبەشی هەرەزۆری هێشتا لەبازنەی حزبدا تل دەخوات و هێشتا پەیڕەوکەرو برەوپێدەری کولتووری مەرایی و ستایشی حزب و سەرکردەیە. ئەمەش بۆتە هۆی سنووردارکردنی ئازادییەکەی.

ئازادی تەنیا بریتی نییە لەوەی مرۆڤ ئازادانە ڕادەربڕیت و تەواو. ئازادی ڕادەربڕین چەمکێکی ڕەش یان سپی نییەو پەیوەستەی کۆمەڵێک فاکتەرو هەل و دەرفەتی ترە.

ڕۆژنامەنووس کاتێک دەتوانێ ئازاد بێت کەنانبخۆری ڕەنج و ماندووبوونی بیرو قەڵەمەکەی خۆی بێت نەک نانبخۆری حزب و دەسەڵات.

ڕاستە ئەمڕۆ تەکنەلۆژیای سەردەم بەتایبەتی ئەنتەرنێت، ئەو ڕۆڵەی لەدەسەڵات ستاندۆتەوە کەدەمکوتکەرو پەیڕەوکەری سانسۆر بێت. هەروا گەلێک سەکۆی ئازاد هەن و ئەم سەکۆیەی ئێستا ئێمە لەمیانییەوە دەدوێین ئازادە. بەڵام ئەمە بەتەنیا کێشەکەی پێ چارەسەر ناکرێت. چونکە ئێمە پێویستمان بە ئازادبوونی دەزگای ڕاگەیاندن بەگشتییە.

دەزگای ڕاگەیاندن لەبەرئەوەی سەربەخۆ نییەو کلیلەکەی بەدەست حزبە. تەنانەت لەناو خۆشماندا جێگای متمانەو باوەڕ نییەو هەر پەیامێکی باش یان خراپ بەگومانەوە هەڵدەسەنگێنرێت.

سەیرکە! ڕۆژانەو ساڵانە ئەوهەموو پارەو سامانە لەڕێگای گەندەڵییەوە، کەسیستەمی حزبایەتی بەرهەمی هێناوە دەدزرێت و یانیش لەبۆنەکاندا بەفیڕۆدەچێت. کەچی هێشتا تاکە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی یان ڕادیۆیی نییە کەبڵێین ئەمە هی حزب نییەو هی کوردە.

سیستەمی سیاسی عەرەب بەم هەموو ئیشکەڕۆییانەیانەوە بوونە خاوەنی کەناڵێکی وەک ئەلجەزیرە کەئەمەریکای تەنگەتاوکردووە (لێرەدا باسی ئێمە لەسەر ئەوپەیامە نییە کە ئەلجەزیرە دەیگەیەنێت بەڵکو ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی) لەحاڵێکدا شتێکی وا لەتوانای کوردیشدایەو تەنیا پشتیوانیماڵی دەوێت کەچی هەر بەبیریشماندا نایەت.

کەواتە هێشتا دوورین لە ئامانج. ئێمە بەرلەهەر شت دەبێ خواروخێچییەکانی ناوخۆمان ڕاستکەینەوەو لەوگوتارە ڕاستەوڕاست و ستایشکەرە دەستهەڵگرین و گوتارێک بەگوێی جیهاندا بدەین کە پێی بگات و تێی بگات.

بەسە با کۆتایی بەکولتووری مەرایی و ماستاو بۆ حزب و سەرکردە بهێنین. و بە بمرێ و بژی دارێک ناچێتە سەر بەردێک.

شەرمە بۆنەتەوەیەک کە خاوەنی ئەم هەموو کارەساتە خوێناویانە بێت و ئاکامی کاری بە بەبووکبردنی سەرکردەو سەماکردن لەبەردەمیدا کۆتایی بێت. و شەرمیشە بۆ سەرکردەو ڕێبەرێک کە برەو بەم کولتوورە بدات و مەزنایەتی خۆی لەوێدا ببینێتەوە.